# فەرهەنگسازیی ورۆڵی لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا

م. تەلار صباح عمر
زانکۆی کۆیە
فاکەلتی پەروەردە
بەشی کوردی

بەشی یەکەم: فەرهەنگسازیی و کێشەی دەروازە فەرهەنگییەکان

**فەرهەنگ:**

یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو دانانی فەرهەنگە، دانانی فەرهەنگیش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانانی کارێکی پێوستە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە، چونکە فەرهەنگ، وەك گەنجینەیەکە وایە بۆ هەڵگرتنی وشەکانی زمان. هەر لەرێگای فەرهەنگەوە دەتوانرێ خزمەتی زمان بکرێت و لەفەوتان بپارێزرێت.

زمانی هەر نەتەوەیەك بە فەرهەنگەکەی هەڵدەسەنگێنرێت، واتە فەرهەنگ ئاوێنەی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی هەر میللەتێکە. هەر نەتەوەیەکیش چەند فەرهەنگی هەبێ لە بوارە جۆربەجۆرەکان، ئەوەندە زمانەکەی دەوڵەمەندتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەر میللەتێکیش ئەگەر فەرهەنگی نەبێ، یان کەمی هەبێت ئەوا ئەو میللەتە لەڕووی زمانەوە بە هەژار دادەنرێت. (حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥، ٤٨٧)

چەندین پێناسەی جۆراو جۆر بۆ فەرهەنگ کراوە: ((فەرهەنگ، ئەو کتێبەیە کەوا وشەی تێدا تۆمارکراوە، جگە لەڕیزکردنی وشە، هەروەها لێیکۆڵدراوەتەوە و مانای ڕوونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنییەتی نوسینیان و بەدەمەوەهاتنیان و پەیدابوونیان دراوە.))(ئەورحمان حاجی مارف،١٩٧٥، ٦٩)

فەرهەنگ، ((کتێبێکی سەرچاوەیی و مەرجەعە وشە و زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بە شێوەیەکەی تایبەتی ڕێکخراون لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەك و دەرخستنی هاوواتاکەی لە هەمان زماندا یاخود لە زمانێکی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیکە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو وشانەی کە لێوەی وەردەگیرێن و بەکارهێنانی و مانا جیاجیاکانی، هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژوویی وشەکان و چۆنییەتی گۆکردنی.)) (محمد علی الخولی،١٩٨٢، ٧٤)

فەرهەنگ: بریتییە لەو پەرتوکەی کە زۆرترین ژمارەی وشەکانی زمانی تێدایە، بەشیکردنەوەوە لێکدانەوەیەوە، ڕێکخستنی تایبەتی هەیە، یان بەگوێرەی ئەلفبای، یان بەگوێرەی بابەتی. (رجب عبدالجواد ابراهیم،٢٠٠١ ، ١٤٢)

فەرهەنگ پێناسەیەکە کە کلتور و ڕۆشنبیری و پلەی شارستانییەتی و پێشکەوتوویی کەسایەتی ئەو میللەتەی پێدەردەکەوێت کە بەو زمان دەدوێن. (ڕۆژان نوری عەبدوڵا، ٢٠٠٧، ٢٩٣) کەواتە دەتوانین بڵێین فەرهەنگ، دەفری زمانە، کە سەرجەم وشە و زاراوەکانی زمانی تێدا کۆکراوەتەوە، بە پێی سیستەمێکی دیاریکراو ریزکراون واتایان پارێزاوە لە لەناوچوون.

**مێژووی فەرهەنگسازی:**

فەرهەنگسازی هەر لەکۆنەوە جێگای بایەخی میللەتانی دونیا بووە. عەرەبەکان یەکەم کەس نەبوون کە بیرۆکەی فەرهەنگیان داهێنابێ، بەڵکو یەکەم نەتەوە بوون کە فەرهەنگێکی تەواویان داناوە بەو واتایەی کە ئێستا بەکاردێت. هاوڕاییەك هەیە لەسەر ئەوەی سێ نەتەوەی تر پێش عەرەبەکان فەرهەنگی تایبەتیان بۆ زمانەکەی خۆیان داهێناوە ئەوانیش ئاشوریەکان و چینیەکان و یۆنانییەکان بوون.

ئاشورییەکان لە ترسی لەناوچوونی زمانەکەیان فەرهەنگیان بۆ زمانەکەیان داناوە، وشەکانیان نوسینی وێنەیی بوو، لەسەر خشتی قور فەرهەنگەکەیان تۆمارکردووە. چینیەکان بەهەمان شێوەی ئاشوریەکان گرنگیان بە فەرهەنگداوە، دوو فەرهەنگی بەناوبانگیان هەبووە، کە بناغەی هەموو فەرهەنگەکانی چین و یابانە، بەناوەکانی (فەرهەنگی یوبیان YuPien ) لە سالی ٥٣٠ پ.ز دانراوە، فەرهەنگی(شوفانshowwan) کە لە ساڵی ١٥٠ پ.ز دانراوە. یۆنانییەکانیش فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەبووە، هەندێك لەم فەرهەنگانە بە سیستەمی ئەلفابێ کاریانکردووە، ئەم فەرهەنگانەش زۆرینەیان لە لایەن زانایانی زانکۆی ئەسکەندەریەوە دانراون لەسەردەمی (البطالسة) کۆنترین فەرهەنگیشیان فەرهەنگی (یولیوس بولکس yulius pollux) بوو. عەرەبەکان لەسەردەمی جاهیلدا گرنگیان بە داهێنانی فەرهەنگ نەداوە، چونکە نەخوێندەوار بوون، تا دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام پێویستیان بە فەرهەنگ نەبووە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام و هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز زاراوەی نوێ دەرکەوت و پێویستیان بە لێکدانەوەی واتا هەبوو(رجب عبدالجواد ابراهیم،٢٠٠١ ، ١٣٧)، دەسپێکی فەرهەنگی عەرەبیش دەگەرێتەوە بۆ (الخلیل بن احمد الفراهیدی) کە فەرهەنگی (عین)داناوە.( نور الهدی لوشن،٢٠٠٦، ٢٥١) کۆنترین فەرهەنگی کوردیش، کە نوسرا بێت فەرهەنگی (نەوبەهارە) ی ئەحمەدی خانییە لە ساڵی (١٠٩٤ك ١٦٨٢ز)دا، فەرهەنگەکەی خانی بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی بووە بۆ ئەوەی خزمەتێك بە منداڵانی کورد بکات، هەرچەندە فەرهەنگەکەی ساکارە، بەڵام شتێکی باشە، دوابەدوای ئەم فەرهەنگە چەندین فەرهەنگی تر نوسراوە.(ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٨٧، ٧)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## قۆناغەکانی دروستبوونی فەرهەنگ:

دروستکردنی فەرهەنگ بە چەند قۆناغێك ئەنجامدەدرێت:

قۆناغی یەکەم/ کۆکردنەوەی زانیاری: لەم قۆناغەدا وشەکان کۆدەکرێنەوە کە کۆبەندی کۆمەڵایەتی لەسەرە، توێژەر بەرەو ناوچە دوورە دەستەکان و لادێیەکان دەڕوات، بۆ ئەوەی ئەو وشانەی کە دەیان بیستێ چۆنی بیستوە ئاوا تۆماری بکات. ( رجب عبدالجواد ابراهیم، ٢٠٠١، ١٤٨)

قۆناغی دووەم/ هەڵبژاردنی دەروازەکان و ڕێکخستنی ئەو دەروازان: کۆکردنەوەی ئەو وشانەی کە پەیوەستن بە بابەتێکی دیاریکراو لە دۆخێکی دیاریکراو لەم قۆناغەشدا هەر بابەتێك کتێبێکی تایبەتی لەسەر دەنوسرێ بۆ نمونە کتێبێك دەبارەی سەوزەوات....( علی محمد القاسمی،١٩٧٥، ٩)

قۆناغی سێیەم/ نوسین و بڵاوکردنەوەی: دروستکردنی فەرهەنگێك کە هەموو وشەکانی زمانی تێدا بیت بە شێوەیەکی تایبەت پۆلینکرابێت، بۆ ئەوەی هەر کەسێك پێویستی بە واتای هەر وشەیەك بێ لەناو ئەم فەرهەنگەدا بەدەستیبکەوێت.( رجب عبدالجواد ابراهیم، ٢٠٠١، ١٤٨)

## سوود و گرنگی فەرهەنگ:

زمان بەردەوام لەگەشەو گۆڕاندایە، ئەم گەشەو گۆڕانە زۆرجا دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکان، مرۆڤ ناتوانێت زانیاری تەواو لەسەر هەموو یەکە زمانییەکانی زمانەکەی بزانێت، بۆیە زۆرجار هەندێ وشەی بەرچاو دەکەوێت کە واتاکەی لەلا ڕوون نییە، یاخود نایزانێت، جا چ وشەی زمانی دایکی بێت، یان زمانی بێگانە بێت، بۆیە پەنا بۆ فەرهەنگ دەبات، چونکە ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ یارمەتیدان و ناساندنی وشەیە بەکەسانێك، کە شارەزایی تەواویان دەربارەی وشەکە نییە. فەرهەنگ وەك گەنجینەیەکە بۆ پاراستنی وشە و زاراوەکانی زمان، بەواتایەکی تر هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین خەرمانی وشەی زمانی کوردی کۆبکەینەوە و لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگاریان بکەین، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە سودو گرنگی فەرهەنگ هەر تەنها پێدانی واتای وشەکانی زمان نییە، بەڵکو فەرهەنگ گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، لە پاڵ زانینی واتای وشەکە ئاشناکردنی تاکە بە شێوەی نوسینی وشەکە و خوێندنەوەی، واتە ڕێنوسی زمانەکە، هەروەها ڕوونکردنەوەی وشەکان سوودبەخش دەبێت لە گشت بوارەکانی ئەدەب و هونەر و زانست، یارمەتیدەر دەبێت بۆ گشت پسپۆڕییەك لە دواڕۆژدا، بۆ وەرگرتن و دروستکردنی زاراوە، فەرهەنگ دەبێتە ناسنامەی نەتەوایەتی بۆ ئێستا و دواڕۆژ، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ زانیارییەکیان دەربارەی زمانەکە نییە، یان کەمێك زانیارییان دەربارەی زمانەکە هەیە و دەیانەوێ لە ڕێی فەرهەنگەوە خەرمانی زانیارییەکانیان زیاتر بکەن. بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین هەموو زار و شێوە زارەکانی زمانی کوردی کۆبکەینەوە لەیەك کاتدا، فەرهەنگ پارێزگاری لە مانای وشەکانی زمان دەکات و ئاشکراکردنی مانای وشەی نادیار و لێڵەکان و زانینی نەژادی وشەکانە، هەروەها زمان لە شێوان و پوکانەوە و مردن دەپارێزێت و نەوەی نوێ بە وشەی کوردی کۆن و نوێ پێدەگەیەنێ ئەمە جگە لەوەی کە فەرهەنگ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاڕاستەکردنی خوێنەر بەرەو واتای نوێ و بڵاوکردنەوەی وشەی نوێ و باو، بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین لە وشە و زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی بیانی و نەتەوەکانی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جیهان بگەین، هەر لەڕێی فەرهەنگیشەوە دەتوانین ئەو وشانەی لە بەکارهێنان کەوتوون و مردوون دەستنیشان بکەین.( سلمى بركات ، ٢٠٠٥، ٧٤-٧٥)

**جۆرەکانی فەرهەنگ**: بەشێوەیەکی گشتی فەرهەنگ چەند جۆرێکی هەیە ئەمانەن:

١. فەرهەنگی گشتی : ئەم جۆرە فەرهەنگە تایبەت نییە بەلایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو بابەت و بوارێك لەخۆ دەگرێت. ttps://en.wikipedia.org/wiki/Dictionary#Other_types

٢ـ فەرهەنگی زمانی: ئەم جۆرە فەرهەنگە تایبەتە بە زاراوە زمانییەکان و واتای وشەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان و چۆنییەتی دروستبونیان.( نور الهدى لوشن، ٢٠٠٦، ٢٥٤) وەك (فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش) ی سەلام ناوخۆش.

٣. فەرهەنگی دوانەیی (وەرگێران) : ئەم جۆرەیان تەنیا وەرگێرانی واتای وشەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (نور الهدى لوشن، ٢٠٠٦، ٢٥٤)، بەواتایەکی تر ئەم جۆرە فەرهەنگە وشەکانی زمانێك، یان چەند زمانێك دەخاتە ڕوو و ڕوونیان دەکاتەوە، ئامانج لەم جۆرە فەرهەنگە تێگەیشتن و فێربوونی زمانێکی بیانییە. ئەم جۆرە فەرهەنگە بەدوو شێوەیە: أ- فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی- بیانی: ئەم جۆرە فەرهەنگە بە زمانی نەتەوەیی دەست پێدەکات، بەرانبەرەکەشی بە یەکێ لە زمانی نەتەوەکانی جیهان دەبێت وەك: فەرهەنگی (کوردی - عەرەبی)،(کوردی - ئینگلیزی)، ...هتد. فەرهەنگی (کوردی - عەرەبی)وەك فەرهەنگی ئەستێرەگەشە

ب- فەرهەنگی زمانی بیانی – نەتەوەیی: ئەم جۆرەیان بەیەکێ لە زمانە بیانییەکان دەست پێدەکات، بەرانبەرەکەشی واتای بە زمانی نەتەوەیی دەنوسرێ، وەك فەرهەنگ (فەرەنسی - کوردی)(حوسێن محەمەد عەزیز،٢٠٠٥، ٤٨٧) نمونەی ئەم جۆرە فەرهەنگەمان زۆرە، وەك پێویستییەکی سەردەم وەك فەرهەنگی(عەرەبی - کوردی) فەرهەنگی دەریا، فەرهەنگی (فارسی- کوردی) فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ،... هتد

٤. فەرهەنگی یەك زمانی: ئەم جۆرە فەرهەنگە بە یەك زمانە، ئامانجیش لە دروستکردنی ئەم جۆرە فەرهەنگە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی واتای وشەکانە بەهەمان زمان. http://www.ciil-ebooks.net/html/lexico/link5.htm لەزمانی کوردیدا نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگەمان هەیە، کە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)ە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٦٠- ١٩٦٤ هەست و چالاکی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ توانی ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە ناوەرۆکی فەرهەنگەکە بریتییە لە وشەکانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە هەموو دیالێکتەکانی و شێوەزارەکانی سۆرانی و زارای و بۆتانی و بادینانی و لوری و فەیلی و لەکی و ئەدەلان و موکریان.(ئەورەحمانی حاجی مارف ،١٩٨٧ ، ٨)

٥. فەرهەنگی بابەتی (واتایی): بریتییە لەو فەرهەنگەی کە تیایدا کۆمەڵە وشەیەك یەك واتا دەدەن. بۆ نموونە ڕەنگ هەموو ڕەنگەکان دەگرێتەوە، خێزان کە واتای باوك، دایك،خوشك،... دەگرێتەوە.(نور الهدى لوشن، ٢٠٠٦، ٢٥٤)

٦. فەرهەنگی ئیتمۆلۆجی: ئەم جۆرە فەرهەنگە بنچینەی پەیدابوون و وەرگرتنی وشەکانی زمان دەخاتە ڕوو، واتە بەدوای ڕەسەنایەتی وشەکان دەگەڕێت، ئایا ئەم وشەیە کوردیە، یان بێگانەیە ئەگەر کوردیە لە چییەوە هاتووە، ئەگەر بیانییە لەکام زمان هاتۆتە ناو زمانەکە، لەگەڵ خستنەرووی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر وشەکە داهاتووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٧- فەرهەنگی پسپۆری: ئەم جۆرە فەرهەنگە تایبەتمەندە بە پسپۆرێکی دیاریکراو، کە هەموو ئەو وشەو زاراوانە لەخۆ دەگرێ کە لەو پسپۆریە دیاریکراوە بەکاردێت، وەك فەرهەنگی جوگرافی، فەرهەنگی یاسایی، فەرهەنگی سیاسی،.... (سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٤) فەرهەنگی پسپۆری چەند جۆرێکی هەیە، هەندێکیان چوارچێوەکەیان زۆرفراوانە وەك فەرهەنگی پیاوانی کار جۆرێکی تریان تەنها یەك بەش دەگرێتەوە، بۆ نموونە فەرهەنگی یاسا، جۆری سێیەم کەلە هی دووەم بچوکترە تەنها یەك لقی پسپۆری بچوك دەگرتەوە، وەك یاسایی دەستور. ttps://en.wikipedia.org/wiki/Dictionary#Other_types

٨ فەرهەنگی وێنەیی: لەم جۆرە فەرهەنگەدا ئەو وشە بەرجەستانەی کە پابەندی بابەتێکی دیاریکراون، لە ڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەك ڕوون دەکرێنەوە دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە وشەی گونجاویش لەبەرانبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت. (شهاب شێخ طیب، ٢٠١٤، ١٩٣) باشترواية وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بەکاربهێنرێت لەکاتی ڕوونکردنەوەی ئەو واتایانەی کە پەیوەندیان بە ڕەنگەوە هەیە.( نور الهدی لوشن، ٢٠٠٦، ٢٥٤)

٩- فەرهەنگی ئەلیکترۆنی(فەرهەنگی گیرفانی): بریتییە لەو فەرهەنگەی کە واتاکان بە شێوەی دیجیتاڵییە، کە دەتوانرێ بەچەند شێوازێك بگەین بە داتاکانی. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی چەند شێوەیەکی هەیە لەوانە - فەرهەنگی ناو مۆبایل. – فەرهەنگی سەر کۆمپیوتەر و تابلێت وەك (ئایپات) – فەرهەنگی سیدی یاخود ڤیدیۆ. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی باشترین بژاردەیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونکە زۆرینەیان (هاوواتا)ی وشەکە و شیکردنەوەی تێدایە، هەروەها پێناسەی ڕستەشی تێدایە، هەروەها وشەکەت بۆ دەخوێنێتەوە و شێوازی گۆکردنەکەت بۆ ڕووندەکاتەوە، هەروەها هەڵگرتن و بەکارهێنانیشی ئاسانە. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە:

- دەتوانێ نوسراوێکی دەیتێ بۆت وەردەگێرێت، یاخود بەکردنەوەی کامیرای مۆبایل یان کۆمپیوتەر راستەوخۆ وەرگێرانەکە ئەنجامدەدات، هەروەها لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە باشتر سود لەو جۆرە فەرهەنگە دەبینرێ بەتایبەتی لە بەکارهێنانی گوگڵدا کاتێك کە داوای پێناسەی وشەیەکی لێدەکەی.
- خێرایی لەدۆزینەوەی وشەکان لەکاتی گەڕان لەناو فەرهەنگی ئەلیکترۆنی تەنها پێویستت بە دە چرکەیە بۆ ئەوەی بۆت بدۆزێتەوە. زۆرجاری تریش چەندەها وشەی تریشت دەداتێ، کە هەمان واتایان هەیە، یاخود هاوبێژی وشە داواکراوەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆکەیەکی باشت بداتێ دەربارەی واتای وشەکە.
- زۆرجار فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەبێ پارەیە، هەندێکجاریش بە پارەیە.
- فەرهەنگی ئەلیکترۆنی زۆرینەیان بەردەوام چالاك (ئەبدێیت)دەکرێنەوە، وشەی نوێی بۆ زیاد دەکرێت.

زۆربەی جۆرەکانی فەرهەنگ بەئەلیکترۆنی بوونیان هەیە، وەك فەرهەنگی یەك زمانی و دوو زمانی و مێژووی و... زۆربەی فەرهەنگە چاپکراوەکان هەر زوو کران بەئەلیکترۆنی و هەمان ناوەرۆکیان هەبوو، بەڵام وەشانە(ڤێرژن) ئەلیکترۆنییەکەی تایبەتمەندی بەهێزتر هەبوو لەوانە شوێنێکی کەمی دەگرت، هەروەها دەنگ و ڤیدیۆو شێوازی دەربڕینی وشەکانی دەگرتە خۆ.http://www.dictionary.com/browse/dictionary


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٠. ئینسکۆپیدیا: ئەم جۆرە فەرهەنگە تەنها بۆ دەستنیشانکردنی واتای وشە نییە، بەڵکو ڕووداوەکان بە پێی گۆڕان و پێشکەوتن دەستنیشان دەکات، هەموو زانیارییەکی تێدایە.(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، ٦٩)گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە بواری ئەکادیمی و ڕۆشەنبیری (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٣٧٤)، واتە ئەم سەرچاوەیە زانیاری لە بارەی زانست و ڕوودا و و دیاردە و خەڵك و هونەر و ئەدەب و فەلسەفەو شوێن... هتد تێدا تۆمارکراوە و بە پێرەو هونەرێکی تایبەت ڕیزدەکرێت و پیشکەش دەکرێت. ئینسکۆپیدیا مەرجەعە (ژێدەر) سەرچاوەی ڕەسەنە، دەوڵەت هەڵدەستێ بە دروستکردنی (ttps://en.wikipedia.org/wiki/Dictionary#Other_types)دیاردەی فەرهەنگسازی، لە دوای دوا چارەگی سەدەی هەژدەهەمی زایینی ئەکادیمیای پاشایەتی فەرەنسا بڕیاری ئەوەی دا، تاکو لەلایەن لێکۆڵەر و نووسەر و فەلسەفەکارانەوە دەست بکرێت بە دانانی ئەنساکلۆپیدیایەکی گەورە، سەبارەت بە ژیار و کولتور بە گشتی و ئەدەب و فەلسەفەو زانستە سروشتییەکان بەتایبەتی. لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا ئاکامی کاری چل فەلسەفەکار و لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی بوو بە ئەنساکلۆپیدیایەکی بیست و هەشت بەرگی کە بە ئەنساکلۆپیدیای (دیدێدرۆ) ناسرا، ئینجا لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش بەگەڵێ شێوازی جۆراوجۆر گرنگی پێدرا (بەختیار سەجادی ـ محەمەد مەحموودی، ٢٠٠٢، ٧)، لای ئێمەی کورد هەوڵێکی سەرەتایی هەیە لە نوسینی ئینسکۆپیدیا، وەك (ئینسکۆپیدیای هەولێر) کە تایبەتە بە شاری هەولێر.

هەریەکە لەو جۆرانە فەرهەنگ کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن بە شێوەیەکی تایبەت ڕیزدەکرێن بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانی وشەکانی زمان بدۆزیتەوە، ڕیزکردنی ئەلفبای باوترین شێوەی ڕیزکردنە کە وشەکان بە گوێرەی پیتەکانی زمان ڕیزدەکرێن لە ئەلفەوە بۆ یاء، یان بە گوێرەی بابەت و بواری تایبەت ڕیزدەکرێن وەك ڕووەك، باڵندە، نەخۆشی،... یان بە گوێرەی ئەرکە ڕێزمانییەکەیان وەك ناو ئاوەڵناو ... شێوەیەکی تریشی هەیە بۆ ڕیزکردنی وشەکان ئەویش ریزکردنی هەرەمەکییە کە وشەکان بە شێوەی هەرەمەکی ڕیز دەکرێن. http://www.dictionary.com/browse/dictionary

## ڕۆڵی ڕۆشەنبیران لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی

یەکێك لەو تایبەتمەندیەی کە زمانی مرۆڤی لە زمانی ئاژەڵان جیادەکاتەوە توانای داهێنانە، ئەم داهێنانەش لە پێناو خزمەتکردنی زمانە، دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمان، هەر کۆمەڵگایەك ڕۆشەنبیری تایبەتی خۆی هەیە، کەجیاوازە لە کۆمەڵگاکانی تر، ئەم ڕۆشەنبیرە بەرهەمی بیری هزری مرۆڤە. تا ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بەرزتر بێت ئەوا لایەنی فەرهەنگی دەوڵەمەندتر دەبێت.

ڕۆشنبیری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ڕۆشنبیری کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی هەیە لەسەر دابونەریت و کولتورەکان، هەر لە ڕێگەی ڕۆشنبیریەوە کار لە ئەقلیەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، بایەخدان بە فەرهەنگ لە ئەنجامی پەیداکردنی هۆشیاری نەتەوایە و پێشخستنی ڕۆشنبیرییەکەیەتی، ئەگەر هات ورۆشنبیری کۆمەڵێك بەتایبەتی بیرو زانیاری و دابونەریتی بەرز و باڵا بێت بێگومان فەرهەنگەکەشی باڵا دەبێت، تا چەند سنوری ڕۆشنبیری نەتەوایەتی تاك فراوان و پێشکەوتوو بێت ئەوەندەش سنوری زمانەکەی گەشەسەند پەرەپێدراو دەبیت. لە دوای شەری یەکەمی جیهانی دورێکی نوێ لە مێژوی فەرهەنگسازی کوردیدا دەستپێکرد، ئەمەش لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی کە یەکێك لە بەرهەمەکانی ڕۆشنبیریە گرنگەکان بریتی بوو لە بایەخپێدانی خوێندەوارانی کورد



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەیان.( ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٨٧، ٩٩) هاندەری سەرەکی رۆشەنبیرانی کورد لە نوسینی فەرهەنگ پاراستنی زمانەکەیان بوو، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە نوسین لەشێوەزاری ناوچەیی و هەنگاونان بەرەو زمانێکی یەکگرتوو، ئەمەش پێویستی بەوە دەبێ وشەو زاراوەی ناوچەی و دیالێکتەکانی تر بە فەرهەنگ لێکبدرێتەوە.(رجب عبدالجواد ابراهیم، ٢٠٠١،١٤٥)

لە سەدەی بیستەم کاری فەرهەنگسازی کوردی گروتینێکی زیاتری بەخۆیەوە بینی، جێگای خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی گەلی کورد گرت و ژمارەیەك مامۆستای دڵسۆز وەك تۆفیق وەهبی، قەناتی کوردۆ، شیخ محەمەدی خاڵ، گیوی موکریانی، مەردۆخ، عەلادین سەجادی، جەمال نەبەز، جگەر خوێن، هەژار موکریانی...هتد، لەم مەیدانە پیرۆزە هەنگاوی گەورەیان ناوە. ئەم مامۆستایانە لە دەرگایەکی فراوانەوە چوونە ناو مێژووی ڕۆشنبیری کوردەوە بەوەی هەریەکەیان لەسنوری توانای خۆیاندا ئەوەی لەباریاندا بووە، بۆ پاراستنی زمان نەتەوەکەیان دڵسۆزانە جێبەجێیان کردووە.( ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٨٧، ١٠٣)

لەڕۆژگاری ئەمرۆشدا ژمارەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی ڕووی لە زیادبوون کردووە، بە دەیان زاناو ڕۆشنبیر لەم مەیدانە هەنگاوی گەورەیان ناوە لەم بوارەدا بەدەیان فەرهەنگ کەوتۆتە بەر دەستی خوێنەران، بەتایبەتی فەرهەنگی پسپۆری، چونکە فەرهەنگسازان گرنگیان بەم لایەنە داوە، واتە هەوڵدراوە بۆ هەر بابەتێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی فەرهەنگی بۆ دابنرێ وەك فەرهەنگی یاسا، جوگرافی، ... هتد)، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر، وەك پێویستییەکی سەردەم و کرانەوەی میللەتی کورد بەڕووی دونیادا، پێویستی فێربوونی زمانی دووەم هەروەها بەهۆی کۆچکردنی ڕێژەیەکی زۆری کورد بۆ ئەوروپا، لەلایەن دڵسۆزانەوە هەوڵدراوە فەرهەنگی دوانەیی زیاد بکات و لە گەشەسەندن و برەو دابێت، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە فەرهەنگانە جگە لە سوودە زانستییەکەی لە ڕووی ئابوریشەوە گرنگن، هەروەها پێویستە ئاماژەبەوەش بکەین ئەو فەرهەنگانەی کە هەنە بە شێوەیەکی گشتی بێ کەموکوری و هەڵە نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی باشیان زیاترە و سود بە تاکی کورد دەگەیێنن.

## بنەما سەرەکییەکان لە نوسینی فەرهەنگ:

١. پێشەکی فەرهەنگ/ پێویستە دەروازەکەی بە زمانی بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکە بیت، ئەم زانیاریانەی تێدا بێت، مێژووی زمانی کوردی، پوختەیەکی کورت دەربارەی خێزانی زمانی کوردی، خستنە ڕووی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی، مێژووی پەرەسەندنی دیالێکتەکانی، جیاوازی نێوان زمانی یەکگرتوو زمانی گشتی و پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی تر بەتایبەتی زمانی فەرهەنگی وەرگێردراو.

٢. لێکۆڵینەوەی شیکاری بە یارمەتی پسپۆری تایبەتمەند لە کاتی پێویست بۆ هەردوو زمانەکە لەوانە سیستەمی دەنگی ڕوونکردنەوەی فۆنیمەکان بەکارهێنانی ئەلۆفۆنەکان باسکردنی مۆرفیمی وشەدارێژ و مۆرفیمی ڕێزمانی.

ب - جۆرەکانی ڕستە و شێوازی ڕیزکردنی

جـ سیستەمی نوسین: خستنەڕووی چۆنییەتی نوسینی زمانی کوردی و شێوەی پیتەکانی پەیوەندیان بە سیستەمی دەنگەوە.

٣. ڕێکخستنی دەروازەی فەرهەنگ خستنەڕووی ئەو شێوازەی کە گراوەتەوە بەر لە نوسینی فەرهەنگەکەدا.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤ـ دانـانی لیستێك بـۆ رەمـز و کورتکراوەکـان کەلـە فەرهەنگەکـەدا بـەکارهاتوون و شـیکردنەوەی ئـەو رەمـز و کورتکراوانە.

٥ـ چۆنییەتی بـەکارهێنانی فەرهەنگەکـە خـستنەڕووی ئـەو شـێوازەی کـە لـە نوسـینی فەرهەنگەکـە بـەکارهاتوە، خستنەرووی زانیاری دەربارەی چۆنییەتی گەران لەناو فەرهەنگەکە.( نور الهدی لوشن، ٢٠٠٦، ٢٦٧ـ ٢٦٩)

**کێشەی دەروازە فەرهەنگییەکان و چارەسەرکردنییان**

فەرهەنگسازی هونەرێکی ورد و ئالۆزە (علی محمد القاسمی، ١٩٧٥، ١٢) ، هەروەها کارێکی زانستیشە(ئەورەحمانی، ١٩٨٧، ٣) و پێویـسـتی بــەکادیری پـسـپۆڕ و شــارەزایی زمــان و هــەموو بوارەکــانی دیکــەی زانـسـت هەیــە، فەرهەنگسازەکان هـەوڵێکی زۆر دەدەن بـۆ ئـەوەی گـەورەترین ژمـارەی وشـە و کەرەسـتەی زمـانی تۆماربکـەن، زۆربـەی فەرهەنگـە کوردییـەکان بـە پێچـەوانەی فەرهەنگـە جیهانییـەکان، تـەنیا مانـای قاموسـی وشـەکان لـە بەرانبەریان دانراوە، یاخود هاوتای عەرەبی و فارسییەکەیان نووسراوەتەوە و هیچ زانیارییەکی تر لە بارەی بنچ و بنەوانی وشەکە و تەنانەت لە بارەی ڕێزمانییەوە بە خوێنەر نادات، دەتوانین بڵێین ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونی سیستەمی یەکگرتوویی ئەکادیمیای کوردی، ئەمەش یەکێکە لـە کێشە فەرهەنگییـەکانی زمـانی کـوردی بۆیە پێویستە چارەسەربکرێت، چونکە مەرجی سەرکــــەوتنی فەرهەنگ، دیاری کردنی زۆربـەی زانیارییەکانـە. ئەو زانیاریانەی کە لە دەروازە فەرهەنگییـەکان دەدرێـت زۆر کـەمن زانـینی واتـای هـەموو وشـەکان یارمـەتیمان نادات بۆ شیکردنەوەی گوتنێکی سادەی وەك (بـەرمان کـەوت) هەربۆیـە هەنـدێك لـە فەرهەنگسازەکان هـەر لـە سنوری وشەدا نامێنەوە دەچنە ناو پەیوەندییە واتاییەکان وەك هاوبێژو هاوواتاو فرەواتا (محەمەد مەعروف فـەتاح، ٢٠١٠، ٣٦٩)، هەندێکی تریش پێیان وایە پێویستە لـە کـاتی نوسـینی فەرهەنگـدا دەروازە فەرهەنگییـەکان فـراوان بکرێت بۆ هەر وشەیەك زانیاری فۆنۆلۆجی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکی زیاد بکرێ.(سەرچاوەی پێشوو، ٣٧٠)

بۆ زانیاری فۆنۆلۆجی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی و چۆنییەتی گۆکردنی وشەکانی، زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە چۆن دەنوسرێت بەو شێوەیە دەخوێندرێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ وشـەمان هەیـە کـە گـۆکردن و نوسـینیان وەك یـەك نییـە، لەئـەنجامی چـوونە پاڵییـەکی هەنـدێ لـە دەنگـەکان گۆرانکاری بەسەر دەنگەکان دێت شێوەی نوسین و خوێندنەوەیان جیا دەبێت، بۆ نموونە دەست+ گا ←دەزگا بە تۆمارکردنی شێوەی گۆکردن لە فەرهەنگی زمان خزمەتێکی گەورە بـە زمـانی کـوردی دەکرێـت، چـونکە دەبێتـە بەڵگەیـەکی گـرنگ بـۆ دوا ڕۆژ، کـە گۆرانکاریەکـەی تێـدا تۆمـارکراوە، هەرچـەندە ئـەم گۆرانـە لـە پـەرتوکی فۆنۆلۆجیـدا دەدۆزرێتـەوە، بـەڵام باشـتر وایـە لـە فەرهەنگیشـدا بـوونی هـەبێت، بـۆ ئاسـانکردنی لێکۆڵینـەوە لـە گۆرانـەکان لـە داهـاتوو. جگـە لـەو گۆرانکاریانـەی کەبەسـەر وشـەکان دادێـت، پێویسـتە شـوێنی هێـز لـە وشـەش دەستنیشان بکرێت، چونکە هێز دەبێتە هۆی گۆرینی واتا، بۆ نموونە (نوستن) ئەگەر خێرایی هێز لەسەر برگەی دووەم بێت ئەوا واتای (چاوگی) دەگەیەنێ، وەك بڵێی نوستن خۆشە ئەگەر خێرایـی هێـز لەسـەر برگـەی یەکـەم بێت ئەوا واتاکە دەگۆرێت و بەواتای ئەوان نوستن دێت.(وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٨٦)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەبواری مۆرفۆلۆجیدا پێویستە هەموو زایارییەك، كە لەسەر مۆرفیمەكان هەیە بخرێتە ناو فەرهەنگەوە، بۆ نموونە (ـ ستان) یەكێكە لەو پشگرە وشەدارێژانەی كە دەچێتە سەر ناو و ناوی شوێن دروست دەكات لورستان گوڵستان، لە گەڵ دەستنیشانكردنی مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی زمانی كوردی وەك(ەكە) نیشانەی ناسراوی و ئەلۆمۆرفەكانی، دەستنیشانكردنی بەشەكانی ئاخاوتن و كەرەستە فەرهەنگییەكان وەك ناو (دار) ئاوەڵناو (جوان) كار (ڕۆیشت) جێناو (ئەو ) ژمارە (دوو)... لەكاردا پێویستە ئاماژە بەكاری تێپەرو تێنەپەریش بكرێت.

لەبواری سینتاكسدا باسكردن لە گرێ و ڕستە و خستنە ڕووی قالبەكانی ڕستە لەزمانی كوردیدا.

زانیاری واتایی: فەرهەنگسازان دەبێ گرنگی بدەن بە شیكردنەوەی واتای وشەكان بەشێوەیەكی كورت بەمەرجێك نەبێتە هۆی ئاشكرانەبوونی واتای وشەكان( ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ١١٤)، هەروەها وشە هاوبێژ و فرە واتا و هاوواتا لێكجیابكەنەوە. (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٣٦٩) لە هاوبێژدا فەرهەنگساز ڕەفتار لەگەڵ دوو وشە، یان زیاتر دەكات كە بەرێكەوت لەنوسین و گۆكردن وەك یەكن، بەڵام واتایان جیاوازە، لەیەك سەرچاوە هەڵنەقوڵاون (تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١١، ٩٤) وەك دەم1: زار دەم2: كات، بیر1: بیروهۆش(فكر) بیر2: بیری ئاو

فرە واتا مەبەست لە فرەواتا هاتنی وشەیەكە زیاتر لە واتایەكی هەبێت، بوونی فرەواتا لە زماندا گرنگە و كاری دەبێتە هۆی دەوڵەمەنبوونی زمان ئەركی دانانی فەرهەنگ و كاری فەرهەنگسازی و فێربوونی ئەو زمانەش ئاسان دەكات. ڕۆژ : ١- ڕۆژەكانی هەفتە ٢- خۆر ، شاخ: ١- كێو ٢- قۆچ

هاوواتا: هاوواتایی ئەو وشانەی كە لە واتادا وەك یەكن دەتوانرێ لە شوێنی یەكتر بەكاربهێنرێن.(سەرچاوەی پێشوو، ٧٣)

**بەشی دووەم : فەرهەنگی نەتەوەیی وڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان:**

هەموو زمانێك پێویستی بە پاشخانێكی گەورەی وشە هەیە، بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگەكەی، فەرهەنگی هەموو زمانێكیش پێكدێت لە: یەكەم ـ فەرهەنگی بنەڕەتی، دووەم ـ دروستكردنی وشە و زاراوەكان، سێیەم ـ وەرگرتن لە زمانانی تر.(ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧، ١٠٠)

**یەكەم ـ فەرهەنگی بنەڕەتی:** مەبەست لە فەرهەنگی بنەڕەتی كۆی ئەو وشانەیە كەلەزماندا هەن، كۆمەڵ بەگشتی لەسەری ڕێككەوتوون. فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێك جیاوازە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێكی تر، تەنانەت ئەو زمانانەش، كە سەر بەیەك خێزان و گروپی زمانین و وشەی هاوبەشیان زۆرە، بەڵام هەریەكێكیان خاوەنی فەرهەنگی بنەڕەتی تایبەتی خۆیانن و دوو زمانی سەربەخۆن.( سەرچاوەی پێشوو ،١١٠)

**دووەم ـ دروستكردنی وشە و زاراوە:** بە تێپەڕبوونی كات لەگەڵ پێشكەوتنی ڕەوتی ژیان و كۆمەڵگا، زمان پێویستی بەهەندێ وشە و زاراوەی تازە دەبێت، چونكە مرۆڤ تەنیا بەو وشانەی لە فەرهەنگی بنەڕەتی زماندا بوونیان هەیە، ناتوانێ پێوستییەكانی خۆی پڕ بكاتەوە، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ چەند ڕێگایەكی تر دەبات بۆئەوەی فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەند بكات، ڕێگاكانیش ئەمانەن:

١. ڕێگای داڕشتن: یەكێكە لە ڕێگا سەرەكییەكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان، بریتییە لەداڕشتن (ڕۆنان)ی وشەی نوێ بە زیادكردنی گیرەكێك، یان زیاتر بۆ وشەیەك، یان مۆرفیمێكی تر، لەم ڕێگایە هەمیشە وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەم دێت.(هـ.د.ویوسن، ٢٠٠٨،١٣٦) وەك : شاخ + (- ەوان) = شاخەوان ، (دا- ) + بەزین = دابەزین


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢. لێکدان: لەم ڕێگایەدا دوو مۆرفیمی سەربەست، یان زیاتر هەندێکجار بەهۆی ئینتەرفێکسێکەوە، واتە بەهۆی (ئامرازێك)بەستەرێکەوە، هەندێکجاریش بەبێ بەستەر(ئامرازێك) پێکدێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت.(ڕەفیق شوانی،٢٠١١، ١٢٠) وەك دڵ + شاد = دڵشاد ، گوڵ + ە + گەنم= گوڵەگەنم

ڕێگای (داڕشتن و لێکدان) بە دوو ڕێگای چالاك و سەرەکی دادەنرێن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، زمانی کوردی بەهۆی ئەوەی لە گرووپی زمانە لکاوەکانە سوودی زۆری لەم ڕێگایانە وەرگرتووە، بەهۆیەوە چەندین وشە و زاراوەی نوێی دروستکردووە، وەك: فڕۆکە، تۆمارگە، کتێبخانە، مافپەروەر، ... هتد.

٣- پێوانە: بریتییە لە دروستکردنی وشەکانی زمان بە پێی دەستورێکی ڕێزمان بەهۆی ڕێبازێکی خۆرسکی تایبەتەوە.( جەمال عەبدول، ٢٠٠١، ٤٧) وەك دانساز لەسەر شێوەی دەرمانساز زاراوەساز، دارتاش لەسەر شێوەی پەیکەرتاش سەرتاش ...

٤- ئەکرۆنۆمی: بریتییە لە وەرگرتنی پیتی یەکەمی وشەکان لێکدانیان بۆ دروستکردنی فۆرمێك، کە وەك وشەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت.(georgyuie yule, 2006, 57) ی.ن.ك پ.د.ك N . U

٥. وەرگرتن: ئەم ڕێگایە لە ئەنجامی نەبوونی وشەی بەرانبەر بۆ ناونانی، یان دانانی بەرانبەر دیاردەیەك، کەلە زمانەکەدا نەبێت پەنا دەبردرێت بۆ وشەی ناکوردی لە زمانی ترەوە، بەڵام پێویستە وشەکە بخرێتە بەر گونجانی دەنگسازی کوردییەوە، بۆ نمونە تەلەفزیۆن لە تێلەفیژنەوە هاتووە.( ڕەفیق شوانی، ٢٠١١، ١٢١)

٦. وەرگێڕان: لەئەنجامی نەبوونی وشەو زاراوەیەك بەرانبەر ناونانی دیاردە وحاڵەتێك، پەنا دەبردێت بۆئەم ڕێگایە، بۆ نموونە مظاهرە - خۆپیشاندان ، مزیع - بێژەر

٧. داهێنان: گۆڕانی واتای هەندێ وشەیە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەهۆی دەرکەوتنی بارودۆخی نوێ و دیاردەی نوێوە، بۆ نموونە گەڵا لە پێش ڕاپەرین تەنها بۆ گەڵای درەخت بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا بۆ ١٠٠$ بەکاردێت.

٨- پارچەکردن: بریتییە لەو پرۆسەیەی کە بەشێك، یان یەك دوو فۆنیم لە وشەکە وەردەگرێ و لەجیاتی هەمووی بەکاردێت، بۆ نموونە کیلۆمەتر / کم

٩- داتاشین: مەبەستمان لەوەیە دوو وشە هەن لەهەر وشەیەك برگەیەك وەردەگیرێت جاری واهەیە دوو برگەی سەرەتای وشەکە، یان برگەی یەکەم لە وشەی یەکەم برگەی دووەم لە وشەی دووەم وەردەگری. (georgyuie Yule , 2006, 55) وەك ، ڕۆژنامە+ گۆڤار ← ڕۆڤار

خورما+ مێوژ ← خورمژ

ڕێگە+ نووسین← ڕێنووس

تیشك+ ئینتەرنێت ← تیشکنێت

٩. ڕێگای چونەناویەك وتێهەڵکێش: ئەمەش بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو وشە و پێکهێنانی واتایەکی نوێ وەك مارانگاز، گورگانخواردوو، سەهۆڵبەندان، ڕێبەندان،...



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٠- ڕێگای سەرکاری لە وشەدا: ئەم ڕێگایە بریتییە لە لێکدانی دوو وشە، یان وشەیەك و ڕەگی وشەیەکی دیکە، کە وشەیەکیان لەم پێکهاتەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت واتای وشە نوێیەکە لەو بەشەدا سەرچاوە دەگرێت، وەك خەم خواردن، خەفەتبار، شەونخونی

١١- ڕێگای دووبارەکردنەوە: بە دووبارەکردنەوەی مۆرفیمێك وشەیەکی نوێ بەرهەم دێت. کۆمەڵ کۆمەڵ، جارجار ، کەم کەم، زووزوو،... ( رەفیق شوانی،٢٠١١، ١٢٣)

جگە لەم ڕێگایانە بە ڕێگای بازرگانی و داگیرکرن و کۆچکردنیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وشە دێتە ناو فەرهەنگی زمان و فەرهەنگی زمانی پێدەوڵەمەند دەکرێ، کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین.

**سێیەم ـ وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی ترەوە:** کاتێك فەرهەنگی زمان بەم دوو بەشەی پێشوو ناتوانێ پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە، پەنا بۆ ئەم ڕێگایە دەبات، کە ئەمیش ڕێگایەکی ترە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان، بەڵام بەپێی یاساو بە هۆکاری پێویست، بەگشتی وەرگرتنی وشە بە دوو شێوە دەبێ: ئەو وشە و زاراوانەی کە لە زمانانی دراوسێوە وەردەگیرێن، بۆ نموونە، وەك: زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی)، وەك: (زەکات، حەج، قەلا، قەلەندەر،شاند،بەستەنی،...هتد)، لەگەڵ وەرگرتنی زاراوەی جیهانی وەك: (فەیسبوك، مۆبایل، پەیج...هتد). زۆربەی وشە بیانییەکانی دێنە ناو زمانی کوردی و ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بە ڕێنوسی کوردی دەینوسن و دەیخەنە ژێر فۆنەتیکی کوردییەوە، واتە دەیکوردێنن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەریەك بەشێوەیەك دەینوسن، چونکە ڕێنوسی یەکگرتوومان نییە، لەنێوان ڕاگەیاندنە کوردییەکان، بۆ نموونە: (بیبسی، سیمینار، ئینتەرنێت، کاریکاتێر، مەلیۆن، فیستیفاڵ...)، (پیسی، سەمینار، ئەنتەرنێت، کاریکاتۆر، میلیۆن، ڤیستیڤاڵ...)، پێویستە ڕاگەیاندنکارە کوردەکان ڕێنوسێکی یەکگرتوو بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی سەر لەخەڵکی نەشێوێنن.

**کاریگەری ئایین لەسەر زمانی کوردی:**

ئایینەکان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستکردووەو دەیکەن، زمانیش وەکو شتەکانی تری ژیانی مرۆڤ بێ بەش نییە لەو کاریگەرییە، چونکە (( زمان شادەماری کەناڵی تاکەکانی نێوان کۆمەڵگایە، بۆیە زمان نەك هەر بەدەرنییە لەو کاریگەرییە، بەڵکو وەك دەرکەوتووە کە خودی بزاڤی زمانناسی لە کایەی ئایینەوە گەشە و نمای کردووە)). (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٧،٤١)

ئایین پێویستیەکی دەروونیی، یان ڕوحانییە بۆ مرۆڤەکان، جا ئەو ئایینە ئاسمانی بێت، یان ئینسانی. ئایینی ئاسمانی ئەو ئایینەیە کەلەلایەن خوداوە بەشێوەی سرووش دابەزییوە بۆ مرۆڤەکان بۆ نموونە ئیسلام، مەسیحی، یەهودی، جۆرەکەی تری ئایین لە لایەن مرۆڤەکان دانراوە، وەك (بودیزم، هیندۆسیەت،...) هەریەکە لەو ئایینانە ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگادا دەگێڕێن و گێراویانە، کتێبی ئایینی هیندۆسەکان کاریگەری زۆری لەسەر پاراستنی زمانی سانسکریتی هەبووە. هەریەکە لە تەورات و ئینجیلیش ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە گەشەکردنی زمانی سریانی و یۆنانی و لاتینی و ئینگلیزی.

تەنانەت یەکەمین لێکۆڵینەوە کە لە زماندا کراوە بە مەبەستی پاراستنی ئایین بووە لەلای هیندییەکان، دواتر لای عەرەبەکانیش بە هەمان شێوە بووە و جگەی لەوەی بۆ پاراستنی ئایین بووە، هەروەها جۆرێکیش بووە لە خودا پەرستی.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەر کاتێك زمانی ئاین و زمانی نەتەوە جیاوازبن ئەوا وەرگرتنی وشەو زاراوە زیاتر دەبێ و بەریەککەوتن ڕوودەدات، ئاینی ئیسلام نموونەیەکی زیندوی بەریەککەوتنی زمانی عەرەبییە لەگەڵ زمانەکانی تر، زۆر میللەت هەن لە پێناو ئایندا دەست بەرداری زمانی زگماکی خۆیان دەبن، بۆ نموونە، ئارامییەکانی بیابانی شام لەماوەیەکی پێوانەیی بە قازانجی زمانی عەرەبی دەستبەرداری زمانی ئارامی بوون.( شاسوار هەرشەمی،٢٠٠٩، ٥٧) لە دوای فتوحاتی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی بەناو نەتەوە ناعەرەبەکان بەریەکەوتنی بەهێزی لە نێوان زمانەکان دەستپێکرد، واتە لە نێوان زمانی دایکی نەتەوەکان و زمانی عەرەبی، زمانی عەرەبی بەهۆی ئایینەوە توانی بۆماوەی چەندین سەدە کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوە ناعەرەبەکان هەبێت، بۆنمونە، کوردو تورك و فارس، چونکە زمانی ئاین وەك زمانێکی پیرۆز، کاریگەری لەسەر پەیرەوکەرانی هەبووە، بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژیانی گەلانی ناوچەکە، گەلی کوردیش وەکو گەلانیتر بێبەش نەبوو لەم کاریگەرییە، بەهۆی ئەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی هەوڵبدەن خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن بۆئەوەی شارەزای ئەم ئایینە نوێیەبن. چەندین وشەو زاراوەی، کەلە بنجدا عەرەبین پەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە هاتونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی تاکو ئیستاش بەکاردێن.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: ئایین بە چەند جۆرێك کاریگەری لەسەر زمان هەبووە لەوانە: - ئایین دەبێتە هۆی پاراستنی زمانی نەتەوە: (( هەندێ لە گەلانی جیهان، بە هۆی ئایین و ئایینزای جیاوازەوە، زمانی نەتەوەی خۆیان پاراستووە و دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دامەزراندووە، واتە پێش ئەوەی دەوڵەتی خۆیان هەبووبێ، زمانی ئایینی یەکگرتووی خۆیان هەبووە. وەك جوولەکەکان، لە هەموو کونوقوژبنێکی جیهانەوە، بەهۆی (تەورات)ەوە، لە دەوری ئایینەکەی خۆیان کۆبوونەوە، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراندووە و زمانێکی یەکگرتووی هاوبەشیان، بۆ خۆیان زیندوو کردەوە))(حوسێن محەمەد عزیز،٢٠٠٥،٨٦) دەتوانین بڵێین (قورئان)ی پیرۆزیش هەمان کاریگەری هەبووە لەسەر زمانی عەرەبی، واتە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو نەتەوەی عەرەب زمانێکی یەکگرتوویان هەبێت، ئەم ئایینە خزمەتێکی زۆر گەورەی زمانی عەرەبی کردووە و پاراستوویەتی، تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەی زۆر کەسی تری غەیرە عەرەبیش خزمەتی ئەم زمانە بکەن، بە هۆی ئەو هەستە ئایینیەی کە لە لایان دروستبووە و بە بەشێك لە خودا پەرستی دادەنێن.

- ئایین بەگشتی (ئاینی ئیسلام بەتایبەتی)کاریگەری هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان و ئەم کاریگەرییەش زۆر جار لە ئاخاوتنی تاکەکانەوە هەستی پێدەکرێت و ڕەنگی داوەتەوە، لە ژێر کاریگەری قورئاندا، زانایانی کورد هەوڵیانداوە ئەلفا بێیەکی کوردی لەسەر ئەلفا بێی عەرەبی دابرێژن، چونکە بە پێی بۆچوونی چەند زانایەك کورد پاش موسڵمانبوونی ئەم هەوڵەی داوە.

- هەر لە ژێر کاریگەری قورئانی پیرۆزدا، چەندەها وشەی قورئانی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردیان لە بواری ئایینیدا دەوڵەمەند کردووە، وەك (حەج، زەکات، سونەت، کفر، فەتوا، تەلاق، حەکیم، رحمان، رەحیم،جەلال ، شەیتان، زکر، حەلال، رەمەزان، شەعبان، عیبادەت، قیامەت، حیجاب، شەریك، ئایەت،...هتد. لە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیدی زانناساندا ، هەر وشەیەك لە زمانێكی بیانییەوە بێتە ناو زمانێكی تر و فۆنەتیكی ئەو زمانە وەرگرێ، ئەوا دەبێت بە بەشێك لەم زمانە. وەك وشەی قیامەت- قیامە، وەخت — وقت، سوژدە — سجدە،...هتد.

**كاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان:**

ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەكانییەوە، نوسراو و بینراو و بیستراو دەسەڵاتێكی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە پێش هەمووشیانەوە بەسەر زمانەوە، چونكە دەچێتە ناو هەموو ماڵێكەوە بە ئاسانی كار لە هزر و فەرهەنگی زمانی وەرگر دەكات. (چۆڵی ئەسعەد،٢٠١٣، ٧٤)

پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان ڕاگەیاندن و فەرهەنگی زماندا هەیە، ڕاگەیاندن لە ڕێگای ئەو وشانەی كە لە فەرهەنگی دایە كاریگەری دروست دەكات لەسەر تاكەكان، هەروەها ڕاگەیاندنیش دەتوانی بە ئاسانی ئەو وشە و زاراوانە بگەیەنێ، كە هاتوونەتە ناو فەرهەنگی زمان. بۆ نموونە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنەكان بكەین، دەبینین چەندین وشە هاتۆتە ناو زمانی كوردی وەك( ستایل، دیموكراسی،....)

ئەم پەیوەندییەی نێوان زمان و ڕاگەیاندن بەیەكسانی و بەهێڵێكی تەریب ناروات هەر دوو لایەنەكە مەرج نییە بەهەمان پلە كار لەیەكتری بكەن، چونكە ڕاگەیاندن لایەنی بەهێزترە، بۆیە كاریگەری بەسەر زمانەوە لە ئاستێكی بەرزدایە بەراورد بەكارلێكی زمان بەسەر ڕاگەیاندنەوە، بەشێوەیەك دەگاتە ئاستی زیان پێگەیاندنی زۆر بەكەمی زمان خۆی دەسەپێنێت بەسەر ڕاگەیاندندا، بەڵكو ئەو باڵدەكێشێت بەسەر زماندا هەڵدەكوتێتە سەری و زاڵدەبێت بەسەر پێكهاتەكانیدا، دەكەوێتەبەر هەرەشەكانی و دەچێتە ژێر ئیرادەیەوە، خزمەت بە ئامانجەكانی دەكات لە ئاستیدا تواناو دەسەڵاتی نابێت. بەهۆی فراوانبون و زۆربونی هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و كەناڵە جیاجیاكانی و ئەو كاریگەریە زۆرەی دەیكاتە سەر زمان دەشێت كارتێكردنەكە بە دوو شێوە بێت.

یەكەم/ شێوەی ئەرێنییەكەی: لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە زمانێكی نوێ دروستبووە، جیاواز لە زمانی ئەدەب و زانست بە نەرمی و سادەیی و ڕوونییەكەی گوزارشت لە ژیانی ڕۆژانە دەكات، هەروەها شێوازی نوسین بۆ ڕاگەیاندن گەشەی بە ژیانەوەی زمان داوە ڕاگەیاندنەكانیش زمانیان گەیاندۆتە قۆناغێكی نوێ لە ڕوونی و پاراوی لە گوزارشتدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە گەشەدەكات و لەگەڵ سەردەمەكەی خۆیدا خۆی دەگونجێنێت، وەڵامدەرەوەی خواستەكانی سەردەمە. بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەربرین و گوزارشت و زاراوەی نوێ بڵاو دەبێتەوە، یان سازكراون لە بوارە جیاجیاكانی زانست و هونەر و سیاسەت و كۆمەڵایەتی بەتایبەتیش لەرێی وەرگێران و وەرگرتنی هەواڵ و بابەتەكانی زمانە بیانییەكانەوە، وەك وشەكانی (دیموكراسی، ستایل، كۆمێنت، فرێند، ریكلام، سوپرایز،...)بە مەش ئاسۆی زمان فراوانتر بووە. ئەو وڵاتانەی خاوەنی زمانی جیاجیان بەهۆی ڕاگەیاندنەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندی نێوانیان زیاتر و پتەوتر دەبێت. بەئەندازەیەك گشت سنورو بەربەستەكانی نێوانیان سریوەتەوە كە پێشتر ڕێگر بوون لە پەیوەندییە ڕۆشنبیری و زمانییەكانی نێوانیان. (محمد عەبدوڵا كەلاری،٢٠٠٩، ٢٧)

دووەم : شێوەی نەرێنییەكەی ئەو شێوەیە خۆی لەو هەڵانەدا دەبینێتەوە كە لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە دەكەونە سەر زاری خەڵك و بڵاودەبنەوە، لە پێكهاتەو شێوازی نەشیاو لەگەڵ ڕێسا زمانییەكاندا، لەهەمانكاتیشدا خۆیان بەسەر ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕاگەیاندندا سەپاندوە. هەروەها دەبێتە هۆی بڵاوكردنەوەی چەندین هەڵە



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کە پەیوەندیان بە رستەسازی و وشەسازی و پێکهاتەی زمانیی و دەربڕین و دەنگەوە هەیە، لەگەڵ هاتنی چەندین وشەی بێگانە. (سەرچاوەی پێشوو، ٩٢ )

هەڵە بەکارهێنانی زمان لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن یا لەدەرەوەیدا، بیری نیشتمانی تێکدەدات و توانا فکرییەکانی خەڵك پەکدەخات، چونکە لە ڕێی ئەو زمانەوە کەتیایدا بەکاردەهێنرێت ئەگەر پەیرەوی یاسا و بنەما زمانییەکان و ڕێزمان نەکرێت، دەتوانێت ڕۆڵێکی نادروست لەسەر شێواندنی نەك هەر خودی زمان، بەڵکو لەسەر بیریش ببینێ هەروەك بێرنارد دەڵێت"تێکدانی زمان تێکدانی بیرە" (چۆلی ئەسعەد ،٢٠١٣، ٧٨) بۆیە پێویستە گرنگی بدرێت بەڕاستکردنەوەی هەڵەکان. لە کۆتای دەتوانین بڵیین دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر زمان هەیە، لەهەمان کاتیشدا زمانیش کاریگەریەکەی زۆری لەسەر ڕاگەیاندن هەیە، چەندین وشە و زاراوە بە چاك و خراپییەوە بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هاتونەتە ناو خەڵکی و لەسەر زاری خەڵك ماونەتەوە. کەواتە ڕاگەیاندن سودێکی زۆری هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پەرەپێدانی بە هەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی، ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی فەرهەنگمان بدەینەوە دەبینین چەندین وشە و زاراوەی نوێ هاتونەتەوە ناو فەرهەنگی زمان، وەك: (ستایل، ریکلام، سوپرایز، دیموکراسی، ڤێرژن،...هتد)، ( گەمژە، حەیوان، جاشکەکەر، ... هتد) ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە بڵاوبونەوەی ئەم وشە و دەستەواژانەدا، کە بوونە جێی سەرنجی بینەران، چەندین وشەی هەڵە و نادروست لەلایەنی سینتاکس و وشەسازییەوە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە هاتونەتە ناو زمان لەگەڵ هاتنی چەندین وشەی بێگانە، کە بەرانبەریان وشەی ڕەسەنی کوردیمان هەیە، بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (ستایل)، کە بەرانبەر وشەی ستایل وشەی کوردیمان هەیە کە (شێواز)ە ئەمە جگە لەوەی کە زۆرجار لە ڕێگای بێژەرەکانی کەناڵی تەلەفیزیۆنی بەمەستی داهێنان و خۆدەرخستن بێت، یان مەبەستان کورتبڕی بێت، لەجیاتی وشەی کاتژمێر (کاژێر) بەکاردەهێنن، یان لە جیاتی کاتژمێر هەشت تەنها (هەشت) بەکاردەهێنێ دەڵێت هەشتان پێشکەش دەکەم.

## ڕۆڵی سیاسەت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان

سیاسەت لایەنێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەند بوون و فراوانبوونی فەرهەنگی زمان، شۆرش وەك پێویستییەکی سیاسی گەلی کورد، کە سەرەتاکەی لە پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتییەوە سەریهەڵداوە(رەفیق شوانی، ٢٠٠١ ،٥٤)، چونکە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان زمانی نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتیدا هەیە، تاکو هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بێت ئەوا زمانی نەتەوایەتی زیاتر بایەخی پێدەدرێت بە پێچەوانەشەوە، تاکو هەستی نەتەوایەتی لاواز بێت زمانی نەتەوایەتی بایەخی پێنادرێت.(رۆژان نوری عبداللە، ٢٠٠٧، ٢٠٦) هەر یەکە لەو شۆرش و بزوتنەوانەی کە لە کوردستان هەبوون کاریگەریان لەسەر دەرکەوتنی چەندین وشەو زاراوە و دەربڕینی تایبەتی هەبووە، زمانەکەیان دەوڵەمەندکردووە، ئەگەر ئاورێك لەو شۆرشانە بدەینەوە کە لەسەدەی ڕابردوودا بوونیان هەبووە دەبینین لەئاکامی دروستبوونی ئەم شۆرشانە بەدەیان وشەو زاراوە کە پەیوەندیان بە شۆرش و سیاسەتەوە هەیە هاتونەتە ناو زمانی کوردی و زمانی کوردیان دەوڵەمەندکردووە بۆ نموونە(سەرکردایەتی، مەکتەب سیاسی، پەرلەمان، فیدرالی، دیکتاتۆر، ئۆتۆنۆمی، جینۆساید، شۆرشگێر، زەحمەتکێش، سەرپەل، سەرلق، ئەندام، پۆل،


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاگربەست، نۆکەر، مارکسیەت، سۆشیالیزم، شانە، پۆل، سیاسی، دۆشکە، مەفرەزە، پێشمەرگە، پارتیزان، لق، پەل، مەڵبەند، ناوچە، کۆڕەو، ئەنفال، ئاشبەتاڵ، مەکۆ،...هتد )، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین لەکاتی شۆڕشی نەتەوەی هەوڵ دەدرێت کەوشەی زمانی بێگانە بژاربکرێت و وشەی خۆماڵی بەکاربهێنرێت بۆیە لەم کاتانەدا وشەی خۆماڵی ڕوو لە زیادبوون دەکات.

مەرج نییە هەموو کاتێك سیاسەت ببێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان هەندێکجار سیاسەت ڕۆڵێکی نەرێنی لەسەر فەرهەنگی زمان دەبێت، هەرکاتێك دەوڵەتێکی زلهێز هەوڵی داگیرکردنی شوێنێك بدەن لە لایەنی سەربازییەوە هەوڵ دەدرێت زمانەکەشیان بەسەر ناوچەکەدا بچەسپێنن، لەو کاتەش وشەکانی زمانی باڵا دەست دەچێتە ناو فەرهەنگی نەتەوەی ژێر دەستە، تێکەڵبوونی دوو زمان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن زۆرجار ئەم کاریگەریەش بە خراپ لەسەر فەرهەنگ دەشکێتەوە، دەبێتە هۆی لەناوچونی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکە. لە وڵاتەیە کگرتوەکانی ئەمەریکا لە سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم  منداڵیان لە زمانی دایکی خێزانە ئەمەریکییە ڕەسەنەکان دوور دەخستەوەو دەیان نارد بۆ ئەو قوتابخانانەی کە بەشی ناوخۆیان هەیە لەوێش ناچارن فێری زمانی ئینگلیزی ببن و لەمەوە منداڵانی چەندین خێڵی جیاواز کۆکرانەوەو ئینگلیزی بوو بەتاکە زمانی ئاخاوتنیان و زمانی دایکیان هەرەسی هێنا.( بێرنارد کەمریَ و هاوەڵەکانی،٢٠٠٧، ١٠٣) کە زمانی دایکی هەرەسی هێنا واتە زمانی نەتەوە سرایەوە و نەما.

زمان ناوەستێت بەپێی سەردەم و باری ڕۆشنبیری نوێ، وشە و دەربرینەکانی گۆڕانیان بەسەردادێت وشەی تازە و زاراوەی نوێ دێتە ناو زمانەوە. فەرهەنگی سیاسی گەلێك وشەی تازە هێناوەتە ناو زمان لەزۆرکات و شوێندا بەکاردێن، زۆر کەس لەبیسەران بەتایبەتی ئەوانەی لە ژیانی شارستانێتی و تەکنیکی سەردەمەوە دوورن لێی تێناگەن، وەك (ئیستیعمار، ئیمپریالیزم، ئەنتەرناسیۆنال، ئینقلاب، ئایدۆلۆجی، بایکۆت، بۆرجوازی، تیرۆریزم، جیهانبینی، خودموختاری، دیموکراسی، ریفراندۆم، ریفۆرم، زایۆنیزم، ئەنتەرناسیۆناڵ، تاکتیك، تیرۆر، سکولاریسم، شۆفینیزم، فیدراڵ، لیبراڵ،...هتد خۆشبەختانە ئەم جۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە ئەویش فەرهەنگی نوێی وەرگێردراو لە زمانی فارسییەوە بورهان قانعە کە تاکی کورد دەتوانێ لەرێگەیەوە شارەزایی لە واتای ئەو وشانە بێت.

## ڕۆڵی ئابوری و بازرگانی لە دەوڵەمەندکردنی زماندا

زمان و بازرگانی لە گرنگترین سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانن، (فلۆریان کولماس ، ٢٠٠٠، ١٠) ئەو گەلانەی کەلایەنی ئابوری و بازرگانییەوە دەوڵەمەند ئەوا لە لایەنی وشەو زاراوەش دەوڵەمەندن، چونکە هەر کار و داهێنانێکی نوێ وشەو زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، داهێنانەکەش لەهەر وڵاتێك بێت بەزمانی ئەو وڵاتە ناو دەنرێ و بڵاودەبێتەوە بۆ ناو زمانانی تر.

ئابوری یەکێکە لەو لایەنانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، کردەی بازرگانی بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و بەرهەم. لەسەرەتا لەناوکوردەواریدا بازرگانی لە کارو پیشەی دەستی بوو دواتر گەشەی کردوە، پێشکەوتنی لایەنی ئابوری کاریگەری لەسەر زمان هەیە، بەهۆیەوە چەندین وشەی تازە و نوێ هاتۆتە ناو زمانەوە لەگەڵ گەشەکردن و پەرەسەندنی ژیان و بەرهەمهێنانی گەورە و داهاتی

پیشەسازی وتەکنەلۆجیای جیهان پەیدابوونی تراکتۆر، ماتۆر، تاکسی، لۆری، ڤیدیۆ، ئایپات، رادێتەر، تەلەگراف،... هتد

پێویستییەکانی مرۆڤ تا دێت زیاددەکات و لە هەڵکشاندایە، زۆر شتی تازە لە شێوازی ژیانی تازەدا هاتۆتە کایەوە، کە ئەمەش لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە، وشەکانی زمان دەوڵەمەند و فەرهەنگەکەی لە زیادیدا بوو بە دەیان وشەی نویٚ لە ڕێگەی بازرگانی هاتۆتە ناو زمان وەك پاپۆر، فرۆکە، شەمەندەفەر، پروپاگەندە، راگەیاندنی بازرگانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتی بازرگانی دەرکران. (رەفیق شوانی، ۲۰۰۱، ۳۳)

بەهۆی گۆرانی باری ئابوریەوە پیشە و ئیشوکار دابەش دەبێت پسپۆری و شارەزایی پەیدا دەبێت هەندیٚ وشەی کوردەواریە بازرگانی شتومەك جلوبەرگ کوتاڵفرۆش هەندیٚ وشە وەرگیراون کە بەزۆری لە زمانی عەرەبییە بووە وەك جوملە و مفرەد، سەیدەلیە، سەیدەلانی، اسواق، صالۆن، تاجر، کافتریا، سێت،...هتد

لە بواری بازرگانیدا پارە (دراو) هۆی ئەنجامدانی کرین و فرۆشتنە، کاتێك سیستەمی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزدەبیٚ و پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگا و تاك و تاك دەبێتە پەیوەندییەکی ناراستەوخۆ ئەوا تایبەتمەندی پیشەیی ئەو سیستەمە کە بریار لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات زیاتر دێتە پێشەوە بەمەش تایبەتمەندی و لایەنە سحرییەکەی زمان نامێنیٚ بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەکانی وەك دراوی کانزایی و دراوی کاغەز واتاکەی لەبەکارهێنانیدا(فلۆریان کولماس ، ۲۰۰۰، ۱۰) بەهۆی گۆرانی ژیانی ئابوریەوە هەندێك دراو و پارەی کۆن بەهۆی بەرزبونەوەی نرخ لە بەکارهێناندا نەماوە عانە، فلس، دەفلس، پەنجایی، روپیە، روبع، درهەم، قورش، لیرە، لیرەی عوسمانلی، هەندیٚ دراوی ئەوروپی بەهۆی بازرگان نێودەوڵەتییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی دۆلار یۆرۆ پاوەن... هتد. (رەفیق شوانی، ۳۷،۲۰۰۱ )

بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی کەمکردنەوەی موچە بۆ نیوە، چەندین وشە و دەستەواژەی تر هاتە ناو فەرهەنگی زمانەوە، وەك: (نیوموچە، نیوقۆزی،... هتد) بەهۆی پیشەسازی بوونی کۆمپانیای زەبەلاحی نەوت و گاز لە هەندیٚ شاری کوردستان چەندین وشەی پیشەسازی کارگەرانی و پیشەزان لە زمانی بێگانەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردی، هەندیٚ لەو وشانە خراونەتە ژێر فۆنەتیکی کوردییەوە. وەك کۆمپانیا، فۆرمات، ئۆف، نەوتی خاو، یەدەگ، تاوەر،... هتد.

## ڕۆڵ و کاریگەری دیالێکتەکان و ڕەنگدانەوەیان لە فەرهەنگی زماندا :

بوونی دیالێکت دیاردەیەکی ئاساییە، هەر زمانێك چەند دیالێکتێك لەخۆ دەگرێت، کە هەر یەکەیان لەوی تریان جیاوازە، بەڵام دیالێکت کۆمەڵێك سیمای زمانەوانییە سەر بە ژینگەیەکی تایبەتن تێکرای تاکەکانی ئەم ژینگەیە لەم تایبەتمەندیەدا هاوبەشن. (محمود عکاشة، ۲۰۰۷، ۱۵) زمانی کوردیش وەك هەموو زمانەکانی تری جیهان لە چەند دیالێکتیك پێکهاتووە، کە خۆی لە چوار دیالێکت دەبینێتەوە، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، دیالێکتی کرمانجی ژوور، دیالێکتی کرمانجی باشوور، دیالێکتی گۆران.

ئەو وشانەی کە لە دیالێکتێکدا بەکاردەهێنرێت هەموویان ناچنە ناو سیستەمی گشتی قسەپێکەرانی زمانەوە بەڵکو تایبەت بە دیالێکتێك، واتە تایبەتن بەقسەپێکەرانی شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، بۆ بەدیهێنانی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێکنزیککردنەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی و دانانی بناغەیەکی تۆکمە کە ببێتە کۆڵەگەو مایەی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕێکخستنی زمانی کوردی دانانی فەرهەنگێکی گشتییە بۆ هەموو شێوەزارە جیاوازەکان. بێگومان یەکێك لەم دیالێکتانەی زمان پەرەدەسێنێت و بەستاندارد دەکرێت لەهەمان کاتیشدا سود لە دیالێکتەکانی تریش وەردەگیرێت، چەندین وشەی تری دیالێکتەکانی تری تێکەڵدەبێت، بەواتایەکی تر هەموو دیالێکتەکان کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، وەرگرتنی وشە و زاراوە لەیەکتر دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، بۆ نموونە ئەگەر سەیری دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بکەین دەبینین چەندین وشەو زاراوەی لە دیالێکتی کرمانجی ژوورو و دیالێکتەکانی تر وەرگرتووە و لە ئاخاوتنی تاکەکانیش ڕەنگیداوەتەوە، وەك: (نوچە، هێژا، خەبات، نەوژەن، ئەشك، خامە، هێڤیدار، بەرسف، رۆندك، نەیار، نوژدار، هەسارە، پەیڤ، جڤان، نها، بزاڤ، بلەز، ئاڤار، سان، شارۆ، کۆسار، هۆزان، رازان، ئارۆ ،...هتد).

## کاریگەری فەرهەنگ لەسەر بیری مرۆڤ:

بیر بەکارهێنانی مێشکە لە شتە زانراوەکان بۆ گەیشتن بە شتە نەزانراوەکان، بەپێی توێژینەوەی زانستی دەرکەووتووە کە بەشی سەرەوەی لای چەپی مێشك لە زمان و ئاخاوتن بەرپرسە، کە بەناوچەی برۆکا(Brocas area) ناودەبرێت (کسپە ئەبوبەکر عەلی، ٢٠١١ ، ٥)

بیرکردنەوە چالاکییەکی عەقلییە ڕەنگدانەوەی واقعە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فەرهەنگدا هەیە، مرۆڤ بەردەوام بیردەکاتەوە دەگاتە داهێنانی نوێ، ژیان بەرەو پێش دەبات و شتی تازە و نوێ دادەهێنێت، هەموو ئەمانەش لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت. فەرهەنگ بەرهەمی بیری کەسانی پسپۆر و شارەزایە لە زماندا.

فەرهەنگ هۆیەکە بۆ دەربرینی بیری مرۆڤ، مرۆڤیش لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەکارهێنانی فەرهەنگەوە دەتوانێت پەرە بە بیری خۆی بدات، ئەمەش لە بەکارهێنانی زماندا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە زمان بیری مرۆڤایەتییە، ((بیر دروستکەری زمانە)) (عبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠١٤، ١٣١) زمانیش هۆیەکە بۆ گواستنەوەی بیرو زانیاری لە باو وباپیرانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەهۆی زمانەوە بیر بە وتن و نوسین دەردەبرێت و دەنوسرێتەوە لەفەرهەنگدا، کەواتە خاڵی هاوبەش لەنێوان بیرو فەرهەنگدا زمانە.

قسەکەری هەر زمانێك هەڵگری دارشتنی ڕێزمانەکەیەتی کە فەرهەنگەکەیەتی ئەم فەرهەنگەش هەڵگری وشەو زاراوەکانی زمانە.کاتێك قسەکەر دەیەوێت مەبەستێك بگەیەنێت لە بیرو چەمکەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە فۆرم و واتا پاشان بەپێی ڕێزمانی زمانەکەی ڕێکیدەخات لەگەڵ کردارەکان بەمەبەستی دەربرین.( کسپە ئەبوبەکر عەلی، ٢٠١١، ٩) زۆرجار فەرهەنگ بەبابەتێکی ئاسایی دادەنرێت و بەئاسانی سەیری دەکرێت کەتەنها هۆکارێکە بۆ گواستنەوە و هەڵگرتنی وشەکانی زمان، بەڵام لەراستیدا فەرهەنگی هەر کۆمەڵگایەك یارمەتی تاکەکانی دەدات بۆ بیرکردنەوە و تێروانینی لەشتەکانی دەوروبەری، فەرهەنگ ئاسۆی بیر فراوان دەکات. بیرکردنەوەی مرۆڤ پەیوەندییەکی پتەوی بە زمانەوە هەیە وشەکانی زمان هێمای بیرن هەر وشەیەك بیرۆکەیەك، یان وێنەیەکی هۆشەکی لەخۆدەگرێت.(عبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠١٤، ١٣١) بەکارهێنانی هێمای زمانی وادەکات بیرکردنەوە لە زۆربواردا ئاسان بێت، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بیرو وشەدا هەیە مرۆڤ بیرۆکەکانی خۆی لە وشەیەك، یان چەند وشەیەك دەردەبرێت بۆ دەربرینی هەست و سۆزی ناخی. هەر لە ڕێگای فەرهەنگی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زمانەوە دەتوانی شارەزایی پۆلی ڕێزمانی زمانەکەی بێت هەرچەندە دۆخ لە کرمانجی ناوەراست بەرەو نەمان چووە، بەلام لە کرمانجی ژوورو، یان لە زمانی عەرەبی و فەرەنسی و زمانانی تر بوونی هەیە لەرێگای فەرهەنگەوە ئاشنای رەگەزی نێرو مێی ناوەکان دەبین.( سەرچاوەی پێشوو، ١٤٠) کەواتە دەتوانیت بڵێین پەیوەندی نێوان بیرو فەرهەنگ پەیوەندیەکی دوولایەنە هەم فەرهەنگ کایگەری لەسەر بیر هەیە، هەم بیریش کاریگەری لەسەر فەرهەنگ هەیە، بێگومان ئەمەش لەڕێگای زمانەوە دەبێت.

**کاریگەری فەرهەنگ لەسەر لێکۆلینەوەی زانستی**

لێکۆڵینەوەی زانستی بابەتێکی گرنگ و بایەخدارە، هەر زمانێکی زیندوو لە جیهان دەستنیشان بکەین دەبینین بەدەیان لێکۆلینەوەی زانستی ئەنجام دەدەن، هەروەها کارێکە هەموو کەسێك ناتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو پێویستی بە کەسانێکە، کە ئاستی رۆشنبیریان بەرز بێت و لەبوارەکە شارەزا بێت زانیاری لەسەر بابەتەکە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لێکۆلینەوەکە ئەنجامبدات. بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ یەکێکە لەکارە هەرە زەحمەتەکانی فەرهەنگسازی(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ١٠٦) بەتایبەتیش بۆ زاراوەی دەرسە زانستییەکان، چونکە لەم ڕووەوە هێشتا کەموکورتی هەیە. زمانی کوردی زمانێکی هەژارە لە بواری زانستیدا بۆیە یەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی لێکۆلەر دێت لە کاتی لێکۆلینەوەی زانستیدا واتای وشەکانە لەم کاتانەدا لێکۆلەر پەنا بۆ فەرهەنگ دەبات بۆ لێکدانەوەی واتای وشەکان، چونکە ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ یارمەتیدان و ناساندنی وشەیە، هەر لە ڕێگای فەرهەنگەوە دەتوانرێت خەرمانی زانیاری وشەکانی زمانی کوردی زیاد بکرێت.

پاش ئەوەی لێکۆلەر بریاریدا لێکۆلینەوەی زانستی ئەنجامبدات ئەوا بیرەکەی لە چوارچێوەی رستەیەك، یان چەند رستەیەك دادەرێژێت، ئەم بیرەش دەبێتە دەروازەیەك بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکە، لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە پێویستە لێکۆلەر پشت بە سەرچاوەی سەرەکی ببەستێ، بۆیە باشتر وایە بۆ گەران بەدوای واتای ئەو وشانەی کەنایزانێت لەئینسیکلۆپیدیادا بەدوایدا بگەرێت، چونکە ئینسیکلۆپیدیا لە هەموو سەرچاوەکانی تر بایەخی زیاترە، ئەو زانیاریانەی کە تیایدایە زانیاری کورت و پوختن، هەروەها زانیاری ڕاست و دروستە و پشتی پێدەبەسترێت، چونکە ئینسیکلۆپیدیا لە لایەن دەوڵەتەوە دادەنرێت، ئەگەر ئینسیکلۆپیدیاشی دەستنەکەوت ئەوا پشت بەو فەرهەنگانە ببەستێ، کە لەلایەن کەسانی شارەزاوە دانراون.

لێکۆلینەوەی زانستی تەنها تایبەت نییە بە بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو زانستەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها ڕێگەخۆشدەکات بۆ لێکۆڵەر زانیاری تەواو دەربارەی بابەتێك، یان دۆزێك بەدەستبهێنێ و لایەنە نەزانراوەکانی دەربخات. نوسەر و روناکبیرو لێکۆلەر و زمانزان و پسپۆری بوارە جیاجیاکانی هەر نەتەوەیەك دەستێکی باڵایان هەیە لە پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی نەتەوەکەیان ئەوانە دەتوانن بەشێوەیەکی بەردەم بە توێژینەوەی زانستیان راگەیاندن بڵاوبکەنەوە هەر بەهۆی لێکۆڵینەوەی زانستی چەندین وشە هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمان وەك (یۆرانیۆم، ئەتۆم، تیشکی ئیکس، ئەستێرەزانی، خۆرگیران، چەکی کۆکوژ،... هتد).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێویستە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستیان لە زانکۆو پەیمانگاکاندا کردەی وەرگێرانیش ئەنجامبدەن بەتایبەتی بۆ ئەو وشانەی کە نوێن و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە دێنە ناو زمان و فەرهەنگ دەوڵەمەند دەکەن.

## ئە نجام

١. بەشێوەیەکی گشتی فەرهەنگ چەند جۆرێکی هەیە، فەرهەنگی دوانەیی، فەرهەنگی مێژووی، فەرهەنگی پسپۆری، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، فەرهەنگی وێنەیی ،... هەریەکە لەو فەرهەنگانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە زماندا هەیە، لە رۆژگاری ئەمرۆدا لای گەلی کورد بە پلەی یەکەم سود لە فەرهەنگی دوانەی وەردەگیرێت، وەك پێویستییەکی سەردەم بە جیهانگەراییەوە و پێویستی فێربوونی زمانی دووەم بەتایبەتیش ئەو فەرهەنگانەی کە بە ئەلیکترۆنی کراون، چونکە هەڵگرتنی ئاسانە و کاتێکی کەمی دەوێت بۆ دۆزینەوەی واتای وشە، هەروەها زۆرینەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بەپێی ڕیزبوونی ئەلفبای ڕیزکراون.

٢ـ بەشێوەیەکی گشتی ئەو فەرهەنگانەی کە لەبەر دەستی خوێنەری کوردایە بەپێی بنەما سەرەکییەکانی فەرهەنگ نەنوسراون، واتە لە پێشەکی فەرهەنگەکان ئەو زانیاریانە بەرچاو ناکەون، کە پێویستە بوونی هەبێت لە دەروازە فەرهەنگییەکان کەخۆی لە زانیاری فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاسازیدا دەبینێتەوە. پێویستە لەسەر فەرهەنگسازان ئەم زانیاریانە لە فەرهەنگەکان بخەنە ڕوو جا لە هەر جۆرێکی فەرهەنگ بێت.

٣ـ ڕێگاکانی دروستکردنی وشەو زاراوەی زۆرن، بەلام بەپلەی یەك سود لە ڕێگای لێکدان و دارشتنەوە وەردەگیرێت، واتە ئەم دوو ڕێگایە دوو ڕێگای زۆر چالاکن لە بواری دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمان.

٤. ڕۆشنبیری کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دابونەریت و کولتورەکان، هەر لە ڕێگەی ڕۆشنبیریەوە کار لە ئەقلیەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، بایەخدان بە فەرهەنگ لە ئەنجامی پەیداکردنی هۆشیاری نەتەوایە و پێشخستنی رۆشنبیرییەکەیەتی ئەگەر هات ورۆشنبیری کۆمەڵێك بەتایبەتی بیرو زانیاری و دابونەریتی بەرز باڵا بێت، بێگومان فەرهەنگەکەشی بەرز و باڵا دەبێت، تا چەند سنوری ڕۆشنبیری نەتەوایەتی تاك فراوان و پێشکەوتوو بێت، ئەوەندەش سنوری زمانەکەی گەشەسەند پەرەپێدراو دەبیت. هاندەری سەرەکی رۆشەنبیرانی کورد لە نوسینی فەرهەنگ پاراستنی زمانەکەیان بوو.

٥. سیاسەت یەکێکە لەو هۆکارانە کە هەم دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی زمان هەم کاریگەری هەیە لەسەر لەناوچونی زمان، چونکە هەرکاتێك حکومەت سیاسەتی لەناوبردنی نەتەوەی کەمینە پەیرەو بکات ئەوا فەرهەنگی زمانی ئەو میللەتە لەناو دەبات لەشوێنی وشەی زمانی دایکی نەتەوەکان وشەی زمانی باڵا دەست بەکاردێت هەرکاتێکیش وشەکانی زمانێك لەبەکارهێناندا کەم بەکارهات ئەوا فەرهەنگی زمانەکەی بەرەو لەناوچوون دەروات. هەر لەڕێگای سیاسەتەوە چەندین وشەو زاراوەی سیاسی هاتونەتە ناو


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زمـان و پـەرەیان بـە زمانەکـەداوە زمانەکـەیان دەوڵەمەنـدکردوە، بـەپێی سـەردەم وشـەو زاراوەکـان گۆڕانیـان بەسەرداهاتووە، وەك(دیکتاتۆر، ئۆتۆنۆمی،جینۆساید، شۆرشگێر، ناوچە، کۆرەو، ئەنفال، ئاشبەتال، مەکۆ...هتد)

٦ـ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر زمان هەیە، چەندین وشە و زاراوە بە چاك و خراپییـەوە بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هاتونەتە ناو خەڵکی و لەسـەر زاری خـەڵك ماونەتـەوە. ڕاگەیانـدن بـە هـەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنییەوە، چەندین وشە و زاراوەی نوێ هێناوەتە ناو فەرهەنگی زمان، وەك، (ستایل، ریکلام، سوپرایز، دیموکراسی، ڤێرژن،...هتد)، ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هـەبوو لـە بڵاوبونـەوەی ئـەم وشـە و دەسـتەواژانەدا، کـە بوونـە جێـی سـەرنجی بینـەران.چـەندین وشـەی هەڵـە و نادروسـت لەلایـەنی سـینتاکس و وشەسازییەوە لە ڕێگای راگەیاندنەوە هاتونەتە ناو زمان لەگەڵ هاتنی چەندین وشـەی بێگانـە، کـە بەرانبـەریان وشەی ڕەسەنی کوردیمان هەیە، بەمەستی داهێنان و خۆدەرخستن.

٧ـ بڵاوبوونـەوەی ئـاینی ئیسـلام بـەناو نەتـەوە ناعەرەبـەکان وایکـرد کـە وشـەیەکی یـەکجار زۆر لـە زمـانی عەرەبییەوە بچێتە ناو زمانی گەلانی ناعەرەب، زمانی عەرەبی بەهۆی ئاینـەوە تـوانی بۆمـاوەی چـەندین سـەدە کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوە ناعەرەبەکان هەبێت بۆنموونە؛ کوردو تورك و فارس، چونکە زمـانی ئـاین وەك زمانێکی پیرۆز، کاریگەری لەسـەر پەیرەوکـەرانی هـەبووە، بـەهۆی ئـەوەی، کـە قورئـان بـە زمـانی عـەرەبی بـوو، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی هەوڵبدەن خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن، چـەندین وشـەو زاراوەی کـە لـە بنجـدا عەرەبین پەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە هاتونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، تاکو ئیستاش بەکاردێن. وەك، (حەج، زەکات، فەتوا، تەلاق، حەکیم، رحمان، جەلال، شەیتان، زکر، حەلال،... هتد).

٨ـ ئەو گەلانەی کەلایەنی ئابوری و بازرگانییەوە دەوڵەمەند ئەوا لە لایەنی  وشەو زاراوەش دەوڵەمەندن، چونکە هەر کار و داهێنانێکی نوێ وشەو زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە داهێنانەکەش لەهەر وڵاتێك بێت بـەزمانی ئـەو وڵاتە ناو دەنرێ و بڵاودەبێتەوە.

٩ـ بیر و فەرهەنگ کاریگەریەکی دوولایەنانـەیان لەسـەر یـەکتر هەیـە، فەرهـەنگ کاریگـەری لەسـەر بـیری مـرۆڤ هەیە، چونکە فەرهەنگ بەرهەمی بیری کەسانی پسپۆرو رۆشنبیرە، هەروەها هۆیەکە بۆ دەربـرینی بـیری مـرۆڤ، لەهەمانکاتیشدا مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەکارهێنانی فەرهەنگەوە دەتوانێت پەرە بـە بـیری خـۆی بـدات بیری خۆی فراوان بکات.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)  p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


١. ئەورەحمانی حاجی مارف١،( ١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف٢، (١٩٨٧)، لەبواری فەرهەنگ نووسیی وشەی زمانی کوردیدا، بەغدا.

٣. بەختیار سەجادی – محەمەد مەحموودی، (٢٠٠٢)، زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. تالیب حوسێن عەلی، (٢٠١١)، واتاسازی چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٥ ـ جەمال عەبدول(٢٠٠١)، بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەشەنگ.

٦ـ چۆلی ئەسعەد،( ٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کەمال،سلێمانی.

٧ـ حوسێن محەمەد عەزیز،(٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

٨ـ ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر

٩ـ ڕەفیق شوانی (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم ، هەولێر

١٠ـ ڕۆژان نوری عبدالله،(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

١١ـ سەلام ناوخۆش، (٢٠٠٧)، ئایین و زمانناسی، چاپی یەکەم ، هەولێر.

١٢ـ ،شاسوار هەرشەمی ،(٢٠٠٩)، هەندێك زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

١٣ـ شهاب شێخ طیب،(٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم ، هەولێر.

١٤ـ عبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، زمانەوانی دەروونی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٥ـ بێرنارد کەمریَ ـ جێرید دایەمەند ـ دەوگ والَن ـ ك.دەیڤید هاریس،(٢٠٠٧)، زمان، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە کامیل محەمەد قەرەداغی، چاپی یەکەم

١٦ـ کسپە ئەبوبەکر عەلی (٢٠١١) پەیوەندیی بیرو زمان لە کوردیدا، نامەی ماستەر،زانکۆی

١٧ـ محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو. شێروان میرزا قادر،چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٨ـ محەمەد عەبدوڵا کەلاری، (٢٠٠٩)، جیهانگیری میدیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١٩ـ هـ. د. ویوسن،(٢٠٠٨)، و. لە ئینگلیزییەوە د.هۆشەنگ فاروق، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢٠ـ وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر


## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


١ـ رجب عبدالجواد ابراهیم، (٢٠٠١)، دراسات فی الدلالة والمعجم ، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع

٢ـ سلمی برکات، (٢٠٠٥) اللغة العربیة مستویاتها وادائها الوظیفی وقضایاها ، الطبعة الاولی، دار البدایة، عمان

٣ـ علی محمد القاسمی،(١٩٧٥)، علم اللغة وصناعة المعجم، مطبوعات جامعة الریاض

٤ـ فلۆریان کولماس،(٢٠٠٠) وەرگێرانی بۆ زمانی عەرەبی احمد عوض، الغة والاقتصاد




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥ـ محمد على الخولى،( ١٩٨٢)، معجم على اللغة النضرى، انكليزى ـ عربى، مكتبة لبنان، بيروت.

٦ـ محمود عكاشة،( ٢٠٠٧)، علم اللغة( مدخل نظرى فى اللغة العربية)، دارالنشر للجامعات، القاهرة، مصر.

٧ـ نور الهدى لوشن(٢٠٠٦) مباحث فى علم اللغة ومناهج البحث اللغوى، مكتب الجامعى الحديث، الازاريطة-الاسكندرية

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1- George Yule, 2006, The study of Language, Third Edition,Combridge University Press,NewYork,USA

2- http://www.dictionary.com/browse/dictionary

3- http://www.ciil-ebooks.net/html/lexico/link5.htm3-

4- ttps://en.wikipedia.org/wiki/Dictionary#Other_types



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)